
## لەمیانەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ باڵیۆزی ژاپۆنی، بەڕێز حەکیم جەختی لەسەر هەمەجۆرکردنی ئابووری عێراق و جێهێشتنی تاك داهات کردەوە



بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی چاوی کەوت بە بەڕێز فەتەشی ماتسەمەتۆ باڵیۆزی ژاپۆن لە عێراق کەوت بۆ بۆنەی نزیکبوونی ئەرکەکەی وەك سەرۆکی نیردەی وڵاتەکەی لە عێراق، سەماحەتی حەکیم هیوای بەختێکی باشی بۆ بەڕێز باڵیۆز و باڵیۆزی داهاتوو خواست لەو ئەرکەی دواتر پێی ڕادەسپێردرێت و قووڵی پەیوەندی نێوان بەغدا و تۆکیۆی دووپات کردەوە و داواشی کرد کۆمپانیا ژاپۆنییەکان ئامادەبوونی زیاتریان لە عێراق هەبێت و ئەو هەلانە بقۆزنەوە کە عێراق لە بوارەکانی ئاوەدان کردنەوە و گەشەپێدان و تەکنەلۆژیا پێشکەشی دەکات.

سەماحەتی پاڵپشتی بۆ حکومەت دووپات کردەوە و داوای کرد کەرتەکانی حکومی و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای تازە و جەختیشی کرد لەسەر هەمەجۆر کردنی ئابووری عێراق و جێهێشتنی دیاردەی دەوڵەتی تاکە داهات، گوتیشی بۆ ئەوە پێویستە کەرتەکانی بەرهەم هێنان وەك پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتیاری و وەبەرهێنان و تەکنەلۆژیا بەگەڕ بخرێنەوە.

سەماحەتی سەرکۆنەی خۆی بۆ شەڕی نەگریسی سەر هەردوو گەلی فەلەستینی و لوبنانی کرد وداوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد فشار بکەن بۆ ڕاگرتنی شەڕ و هاوکاری کردنی ئاوارەکان و ئاوەدانکردنەوەی شارەکان.